# مەرگ و ژیاندۆستی
# لە سپێتی پشتەوەی وێنەیەکی ڕووتدا

**کارزان عەلی**
**(دەربەندیخان)**

**(١- ٢)**

«نەخوێندەواری سبەی، ئەوە نییە نووسین و خوێندنەوە نەزانیت، ئەوەیە کە فۆتۆگرافیا نەزانیت».

**واڵتەر بنیامین**

«هۆکاری ڕاستەقینەی من ئەوەبوو، جەستەی ئیکۆکۆ بە ڕووتی لەژێر ئەو تیشکە سپییە بەهێزەدا ببینم.. هەموو شتێک وەک ئەوە دەڕۆیشت کە من دەمویست. چەرچەفەکەم لابرد، بە هێمنی جلی خەوتنەکەیم لەبەری داکەند و پاشان خستمە سەر پشت. بە تەواوی لەژێر تیشکی بەهێزی هەردوو گڵۆپەکەدا ڕاکشابوو، وەک ئەوەی لە نەخشەیەک بکۆڵمەوە، بەو شێوەیە لە جەستەی ڕووتی ورد دەبوومەوە» (کلیل لا ٢٨).

«بە ترسەوە کامێراکەی دەرهێنا، بە ترسەوە هەندێک بزماری لەسەر دیوارەکانی دەوری پێخەفەکە داکوتی. هەندێک متیلی جۆراوجۆری تاقیکردەوە تا ڕووناکییەکی گونجاوی دەستبکەوێت.... «سەری گێلاسی بەرز کردەوە و خستییە سەر سەرینێکی سپی، بەو جۆرە سیحری قژە ڕەشە پەرت و پەخشانەکەی جوانتر دەردەکەوت، جەستە سپییەکەی لە هەموو لایەکەوە بە چەند متیل و بەتانی ڕەش گەمارۆ دا تا ڕوونتر و جوانتر بەرجەستە ببێت... خڕخاڵەکانی کردەوە پێی، مێخەکبەندەکەی کردەوە ملی...بەشێک لە وێنەیەکی گەورەکراوی شار دیار بێت، جگە لە دوانزە وێنە نەیدەتوانی وێنەی زیاتر بگرێت.» (نەفرەتی نەوبەهاران لا ١٤)

## کامێرا وەک سێکس

جۆنیشیرۆ تانیزاکی (١٨٨٦ -١٩٦٥) ڕۆماننوسی ژاپۆنی لە ڕۆمانی (کلیل)، یان (چەند دانپێدانانێکی بێ شەرمانە)دا، کە لە شێوەی یادەوەریدا ڕۆمانەکەی دەنووسێت، دۆخی سایکۆلۆجی و ژیانی ڕۆژانەی پاڵەوانێکی

بێ ناو لەگەڵ ژنێکدا دەگێڕێتەوە بە ناوی (ئیکۆکۆ). ئەم پیاوە بە دوای هەلێکی گونجاودا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بە ڕووتی چەند وێنەیەکی ژنەکەی بگرێت، دوای ئەوەی بە هۆکاری بەدمەستی و خواردنەوەی زۆر، ژنەکەی دەبووریتەوە، بەو شێوەیەی سەرەوە ژنەکەی ڕووت دەکاتەوە و وێنەی لێ دەگرێت. پاش ئەوەی لە دانیشتنێکی شەوانەدا، ژنەکەی مەست دەبێت و دواجار لە گەرماوی ماڵەکەیدا دەیدۆزنەوە.

بە هەمان شێوە لە ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران ٢٠٢٤) نووسەری ناسراوی کورد بەختیار عەلی باس لە پاڵەوانێک دەکات بە ناوی (کامیل ئاغا)، ئەم پیاوە خولیای هەموو داهێنراوێکی تازە دەکەوێتە سەری و هەوڵ دەدات بەدەستی بخات، پاش ئەوەی کامێرایەکی دەست دەکەوێت، بە هۆی نەخۆشییەکی کتوپڕەوە، بیر لەوە دەکاتەوە کە وێنەیەکی جوانی ژنەکەی بگرێت، بە شێوەیەک هەموو جەستەی لە وێنەکەدا دەربچێت، دواجار ئەو هەلەی بۆ ڕێک دەکەوێت و لە ساتێکی نێوان نەخۆشی و مردنی ژنەکەیدا، وێنەی ڕووتی ژنەکەی بە ناوی (گێلاسی نەوبەهاران) دەگرێت.

لەم وتارە کورتەدا دەمانەوێت لە چەند ڕوانگەیەکی جیاوازەوە قسە لەسەر کامێرا، کاریگەری وێنە لە کۆمەڵگەی ژاپۆنی و کۆمەڵگەی کوردی، هەروەها ئاستی قبووڵکردنی وێنەیەکی ڕووت ڕوون بکەینەوە.

واڵتەر بنیامین چەمکی (نەستی بینراو Optical unconcious) بەکار دەهێنێت لەو کاتەی وێنەیەک دەبینین. دەنووسێت «بۆ باسکردن و قسەکردن لە سەر ئەو ئەزموونانەی (لە ناخی خۆماندا) هەستی پێ دەکەین بێ



واڵتەر بنیامین

ئەوەی بیانبینین. (Technology and literature. P 285)، واتە هەموو وێنەیەک پێوەندییەکی قووڵی بە پاشخانێکی خەیاڵدان و مێشکی ئێمەوە هەیە، لە کاتی بینینی وێنەکەدا ئەم پێوەندییە زیاتر بەرجەستە دەبێت، بە تایبەتی ئەگەر فۆتۆیەکی ڕووت بێت، ئەوە خەیاڵدانی ئێمەی مرۆڤ پانتاییەکی زیاتر داگیر دەکات بۆ ئەوەی بە پێی غەریزە و ئارەزووەکانی خۆمان، لێکدانەوە بۆ ئەو وێنە ڕووتە بکەین..

لە کتێبی (لە بارەی فۆتۆگرافیا)وە، (سۆزان سۆنتاگ)، پێوەندییەکی سێکسی لەنێوان وێنە و کامێرادا دەوروژێنێت، بە تایبەتی کاتێک دەمانەوێت وێنەیەکی ڕووت بگرین. «کامێرا وەک چووک، زۆرجار دەربڕینێکی جیاوازە بۆ ئەو خوازەیەی کە دەسەڵاتمان بە سەریدا ناشکێت و بێ ئاگاداری هەمووان بەکاری دەهێنین، هەرچەندە زانین و دەسەڵاتمان تەڵخ و لاواز بێت، بەڵام مێشکمان بەم شێوەیە شتەکان دیاری دەکات کاتێک بمانەوێت قسە لە کامێرا و وێنە بکەین، چونکە (تێخستن)ی فیلم بۆ

ناو کامێراکە و (ڕەق وەستان، یان نیشانەگرتن)ی کامێراکەی دەستمان، پاشان (چرکاندن- اطلاق)ی تیشکەکە، وەرگرتنی هەمان دۆخی چووکە لە کاتی سێکس کردندا». (سۆنتاگ لا ٢٢).

لێرەوە گەر بمانەوێت وردتر بەناو ساتی وێنەگرتنی ئیکۆکۆ، یان گێلاسی نەوبەهاراندا قووڵ ببینەوە، بەشێک لە ڕاستیی قسەکانی سۆنتاگ دەسەلمێت، چونکە لە ڕۆمانی (کلیل) دا، یان (چەند دانپێدانانێکی بێ شەرمانە) و ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران)دا، بەشێک لە چرکاندنی وێنەکان، جەختکردنەوەیە لەسەر تێرکردنی حەزێکی سێکسی، بە تایبەتی لە ڕۆمانەکەی تانیزاکیدا.

ڕۆمانی (کلیل)، یان (چەند دانپێدانانێکی بێ شەرمانە)، دۆخی نالەبار و پڕ کێشەی مێردێک دەگێڕێتەوە کە نزیکەی دە ساڵێک لە ژنەکەی گەورەترە. ئەم پیاوە هەرگیز ناتوانێت لە ئاستی چڵێسی و گڕی سێکسی ژنەکەیدا بێت و تێری بکات، ئەم دۆخە وا دەکات پێوەندی سێکسی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە ساردوسڕ و پڕ گلەیی بێت، دواتر دوورکەوتنەوە و فەرامۆشی. ئەوەی پیاوەکە لە دەفتەری یادەوەرییەکانیدا دەینووسێتەوە، باس لەو کێشە سایکۆلۆژییانەی نێوان خۆی و ئیکۆکۆی خێزانی دەکات، لەوەی ئیکۆکۆ لە کاتی سێکسدا هەرگیز بە تەواوی خۆی لەبەردەم پیاوەکەیدا ڕووت ناکاتەوە. لە بەرانبەردا، مێردەکەی ئیکۆکۆ (لە ڕۆمانەکەدا ئەم پیاوە هیچ ناوێکی نییە) حەزی لە هەندێک گەمەی سێکسییە، وەک قاچ و بنباڵ مژین، بەڵام ئیکۆکۆ ڕێگەی ئەمەی نادات. بەم شێوەیە خولیای وێنەگرتنی ژنەکەی دەکەوێتە سەر. تا ئەوەندەی لە شەوێکدا و دوای مەستبوون، ئەو هەلەی بۆ دەڕەخسێت، بۆ ئەمەش پێویستی بە کامێرایەک دەبێت و داوا لە زاوای داهاتوویان (کیمۆرا) دەکات کە کامێرایەکی بۆ پەیدا بکات.

لە بەرانبەردا گێڕانەوە لە ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاراندا، دۆخێکی نزیک لە دۆخی سێکسی وەردەگرێت. هەر بە تەنیا وێنەگرتنی گێلاسی نەوبەهاران بە ڕووتی، دۆخێکی سێکسییە، شێوازی ڕاکشان و چاوانی مەستی، لەشێکی سپی و جوان، پاشان ڕێکخستنی تاریکی و ڕووناکی ژوورەکە، دانانی چەند متیل و پارچە و وێنەیەکی کۆنی شار و چرکاندنی کامێراکە، تێمایەکی سێکسییە و کامیل ئاغا دەیەوێت دوایین وێنەی جوانی سێکسی ژنەکەی بگرێت، پێش ئەوەی بمرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بەناو قووڵایی زیاتری هەردوو ڕۆمانەکەدا بچینە خوارێ، جیاوازییەکی سەرەکی لەنێوان هەردوو وێنەی ژنە ڕووتەکانی ناو هەردوو ڕۆمانەکەمان بۆ دەردەکەوێت، لەگەڵ جیاوازی بیرکردنەوەی مێردی ئیکۆکۆ و کامیل ئاغا کە لە پشت وێنەی ڕووتی ژنەکانیانەوە دەیانەوێت چی دەربخەن.

بە جیا لەوەی کە گرتنەدەست و چرکاندنی وێنە بۆ خۆی کردەیەکی تا ڕادەیەک سێکسییە، وەک (سۆنتاگ) جەختی لەسەر دەکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا قۆستنەوەی ئەم هەلە، ئامادەکردن، یان ئامادەبوونی کەسێک، یان شتێک لە دۆخێکدا کە شایانی ئەوە بێت بۆ وێنەگرتن بە گرنگی بزانین، کردەی بەرهەمهێنانی جوانییە، چونکە تا ئێستا «هیچ کەسێک نییە کە بیەوێت ناشیرینی لە ڕێگەی وێنەکانەوە کەشف بکات و دەری بخات، بەڵام زۆرینەمان لە میانی وێنە و گرتنی وێنەکانەوە، دەمانەوێت جوانی بەرهەم

بهێنیـن» (سـونتاگ ١٠٢).

تەنانـەت کامێـرا ئـەو هێـزە ئەفسوونئامێزەشـی هەیـە کـە ناشـیرینییەکان، بـە لایەنـی کەمـەوە لەسـەر پارچـە کاغەزێـک بـەرەو جوانـی وەربگێڕێـت. ڕاستییەکەی ناتوانیـن چاو لـەوە دابخەیـن کـە نیاز و مەبەسـتی وێنەگرتنـی ئیکۆکـۆ و گێلاسـی نەوبەهاران، تەنانـەت لـە کاتـی لێقەومان و نەخۆشـی و ناخۆشـیدا، بیرکردنەوەیـە لـە بەرهەمهێنانـی جوانـی، واتـە ترسـە لـەوەی ئـەو سـاتەی وێنەکـەی تێـدا دەگریـن، لـە دەسـتمان بچێـت و بمرێـت، لەبـەر ئـەوە وێنەگرتـن، سـاتی دروسـتکردنی جوانییـە.

ئەمـەش هەمـان بیرکردنـەوەی مێـردی ئیکۆکـۆ و کامیـل ئاغایـە، هەرچەنـدە پاڵنـەری سـەرەکی لـە ڕۆمانەکـەی تانیزاکیـدا، خاڵیکردنـەوەی ئـەو لاوازی و بێتواناییـەی خۆیەتـی لـە پیادەکردنـی سێکسـدا، ئەنجامدانـی گەمـەی سێکسـی و دواجـار بینینـی تـەواوی جەسـتەی ژنەکەیەتـی بـە ڕووتـی لەبـەر تیشـکی بەهێـزی دوو گڵۆپـی فلـۆردا. بـە دیـوی دووەمـدا، لای کامیـل ئاغـا وێنەگرتنـی ژنێکـی ڕووت، ڕزگارکردنـی جوانیـی جەسـتەی گێلاسـە، وەک ئـەوەی لـە سـاتی مردنـدا بێـت، «ترسـام بمرێـت و جوانییەکـەی بـۆ تـا هەتایـە بفەوتێـت» (نەوبەهـاران.لا ٤٨)

جۆنیشـیرۆ تانیزاکـی، لـە پـاڵ ئـەوەی کـە ڕۆماننووسـێکی نـاوداری ژاپۆنییـە، لـە هەمـان کاتـدا وتارنووسـێکی زۆر کارامـەی ئەدەبیشـە. یەکێـک لـە گرنگتریـن وتارەکانـی بـە نـاوی (لـە ستایشـی سـێبەردا)یە. لـەم وتارەیـدا دەیەوێـت جیـاوازی نـاو فـەزای ماڵـی ژاپۆنـی لـە سـەردەمە کۆنـەکان و سـەردەمی نوێـدا ڕوون بکاتـەوە، قسـە لەسـەر بوونـی سـێبەر و تاریکـی دەکات لـە خانووەکانـدا، شێوازی دانـان و هاتنەنـاوەوەی ڕووناکـی، پێوەنـدی مـرۆڤ بـە تاریکیـی نـاو مـاڵ و ژوورەکان، تەنانـەت سـەرئاویش، بـەڵام لـە ڕۆمانـی (کلیل)، یـان (چەنـد دانپێدانانێکـی بـۆ شـەرمانە)دا، بـە پێچەوانـەی وێنەگرتنـی کامیـل ئاغـا، کـۆی ژوورەکـە پـڕ دەکات لـە ڕووناکـی، دوو گڵۆپـی بەهێـز دادەگیرسـێنێت، و لەبـەر تیشـکی ئـەو گڵۆپانـەدا «هەمـوو شـتێکم تاقـی کـردەوە کـە خەیاڵـم بتوانـێ پـەی پـێ ببـات، شـتگەلی بـێ شـەرمانە کـە بۆ باسـکردن ناشـێت» (لا ٣٠) .

دواتـر هـەر لـە ڕووناکـی و سـاتی ڕاکشـانی ئیکۆکـۆدا نهێنـی پشـت وێنەگرتنەکەمـان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە «چێـژم لـەوە وەردەگـرت کـە وێنـەی بگـرم، بـە ئـازادی یـاری و گەمـە سێکسـییەکانی خـۆم بکـەم و ئەویـش خەوتبێـت، هەروەهـا لـە ئاسـت ئـەو جوانییـە حاشـاهەڵنەگرەی لـە جەسـتەیدایە سەرسـام بمێنـم» (لا ٤٦)، واتـە بـە پلـەی یەکـەم مێردەکـەی ئیکۆکـۆ، چێـژ لـە جەسـتەی ڕووتـی ژنەکـەی وەردەگرێـت کـە خەوتبێـت و گەمـەی لەگەڵـدا بـکات، پـاش ئـەوە جوانیـی جەسـتەکەی دەربخـات.

لـە بەرانبـەردا کامیل ئاغا لـە میانی ڕۆمانەکەدا قسـەیەکی ڕوون و ئاشـکرای لەمـەڕ سـێکس و گەمـەی سێکسـی لەگـەڵ جەسـتەی گێلاسـدا نییە، بەڵکـوو خەمـی سـەرەکی کامیـل ئاغـا، ڕزگارکردنی جوانییـە. بـە پیادەکردنـی هەمـان تیـۆری (لـە ستایشـی سـێبەردا)ی کانیزاکی، چونکە لە سـاتی وێنەگرتنـی جەسـتەی ڕووتـی گێلاسـدا، کامیل ئاغا دەیەوێـت، جۆرێـک لـە سـێبەر، وەک سـیحر، بـۆ جەسـتەکە زیـاد بـکات، ئەفسـوونی بـکات، لەبـەر ئـەوەش وێنەیەکـی کۆنـی شـار، چەنـد پارچەیـەک بـەم لا و ئـەولای ژورەکـەدا هەڵدەواسـێت، لێـرەدا شـایانی هەڵوەسـتە لەسـەرکردنە کـە بەختیـار عەلـی بـە زانیـن بێـت، یـان ڕێکـەوت، هەمـان تیـۆری (ستایشـی سـێبەر)ی تانیزاکـی بـەکار

دەهێنێتـــەوە بــۆ جێگرتــن و جــوان دەرکەوتنــی جەسـتەی گێلاس، واتـە کاریگەریی دروسـتکردنی سـێبەر لەسـەر وێنەیـەک. لێرەشـدا قسـەیەکی ڕۆلان بـارت پێدەچێت کۆمەکی گەورەمـان بـکات کـە لـە کتێبـی (الغرفـة المضيئـة)دا دەنووسـێت «وێنـە ئـەو شـتەیە کـە بـە شـێوەیەکی میکانیکی دووبـارە دەکرێتـەوە، بـۆ ئـەو شـتەی کـە وجودیانە دووبارەبوونـەوەی نییـە» ( لا ١٠)، وەک دەبینیـن لـە هـەردوو ڕۆمانەکـەدا ترسـی گـەورە، دووبـارە نەبوونـەوەی سـاتی گرتنـی وێنـەی ژنەکانـە بـە ڕووتـی.

لـە بەشـێکی تـری کتێبەکەیدا، بارت لەسـەر چەند خاسـیەتێکی گرنگـی وێنـە دەدوێـت، کـە ئێمـەی خوێنـەر لـە هـەردوو ڕۆمانەکـەدا بـەدی دەکەیـن. یەکەمیـن خاسـیەتێکی وێنـە بـە ڕای ڕۆلان بـارت، خاسـیەتی سەرکێشـییە، وەک دەنووسـێت «هیـچ وێنەیـەک بـە بـێ سەرکێشـی کـردن ناگیرێـت» (لا ٢٢).

بوورانـەوەی لـە نـاکاوی ئیکۆکـۆ و سـاتی نەخۆشکەوتنی گێلاس، زەمینەیەکی لەبارن بۆ ئەوەی سـاتی سەرکێشـی و موغامـەرە لـە ڕوحـی هـەردوو وێنەگرەکـەدا دروسـت بـکات، موغامـەرەی ئـەوەی کـە لەوانەیـە جارێکـی تـر، دۆخێکـی تـری هاوشـێوە، کەشـێکی تـری گونجـاو هەرگیـز نەگەڕێـت بـۆ ئـەوەی هەمـان وێنـەی تێـدا بگرینـەوە.

خاسـیەتی دووەم بـە پێـی تیـۆری بـارت لەمـەڕ وێنـە، دەگمـەن بوونە (الندرة)، لێرەشـدا پێویسـت بـە گەڕانـەوە بـۆ هـەردوو دەقەکـە ناکات، بەڵکوو دەزانین کە ئەم ساتەی وێنەی ئیکۆکۆ و گێلاسی نەوبەهـاران، سـاتێکی دەگمەنـە، دووبارەبوونـەوەی مەحاڵـە، لەوانەیـە هەرگیـز دۆخێکـی دەگمەنـی تـر بـەم شـێوەیە دروسـت نەبێتـەوە بـۆ ئـەوەی بتوانیـن هەمـان وێنـە لـە هەمـان شـوێن و هەمـان کاتـدا بگرینـەوە.

خاسـیەتی سـێیەم هێـزی ئەفسـوونی وێنەیـە، لێرەدا پێویسـتە گەڕانەوەیەکـی ورد و خوێندنەوەیەکی گشـتی بـە هـەردوو ڕۆمانەکـەدا بکەیـن، بـۆ ئـەوەی لـەو ئەفسـوونە تێبگەیـن کـە بـارت ئامـاژەی پـێ دەکات.

## خوێندنەوە و خاڵی هاوبەش

ڕۆمانـی (کلیـل)، یـان (چەنـد دانپێدانانێکی بێ شـەرمانە) بـۆ یەکەمیـن جـار، سـاڵی ١٩٥٦ چاپ دەکرێـت، لـە بەرانبـەردا کامێـرا بـۆ یەکـەم جـار لـە سـاڵی ١٩٥٧دا دەسـتی کامیـل ئاغـا دەکەوێـت، واتـە سـاتی ڕووداوەکان سـاتێکی تـا ئاسـتێک لـە یەکـەوە نزیکـن.

ڕووداوەکانـی هـەردوو ڕۆمانەکـە لـە کۆمەڵگەیەکـی ڕۆژهەڵاتیـدا ڕوودەدەن، واتـە ژاپـۆن لەسـەرەتای دروسـتبوونی شـار و گەشـەی ئابووری و کەمبوونەوەی زیاتـری پێوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان، لـە بەرانبـەردا ڕووداوەکانـی ڕۆمانـی نەفرەتـی نەوبەهـاران لـە سـەرەتای سـاڵانی شەسـتەکانەوە تـا سـاڵانی دوو هـەزار و دە نزیـک دەبێتـەوە. کوردسـتان لـە سـاڵانی شەسـتەکان و تـا ئاسـتێکی زۆر تـا ئێسـتاش، کۆمەڵگەیەکـی کەمتـر شارسـتانییە و پێوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان لـە ئاسـتێکی بـەرزدان، گەشـەی شـار و ئابووری و هۆکارەکانـی تـری شارسـتانیەت لە ئاسـتێکی دواکەوتوودایە، نـەک بـە تەنیـا وێنەیـەک، بەڵکوو هـەر دیاردەیەکـی تەنانـەت ئەگـەر بچووکیـش بێـت، بـە پێـی کۆمەڵگـەکان، کاردانـەوە و شـەپۆل بـە دەوری خۆیـدا دروسـت دەکات.

وەک گوتمـان ڕووداوەکانـی هـەردوو ڕۆمانەکـە، لـە ژینگەیەکی ڕۆژهەڵاتیدا ڕوو دەدەن، ژاپۆن لە کۆتایی چلـەکان و کوردسـتان لـە سـەرەتای شەسـتەکان، هـەردوو ڕۆماننـووس تێمـای (وێنەگرتنـی ژنێکـی

ڕووت) دەکەن بە تانوپۆی چنراوی ڕۆمانەکەیان.

ماڵ لە ڕۆمانەکەی جۆنیشیرۆ تانیزاکیدا، باڵەخانەیەکی دوو قاتە، پیاوێک (فەرمانبەر، بێ ناو) لە قاتی سەرەوە دەژێت. ژنەکەی ناوی ئیکۆکۆیە، شانازی بە پەیڕەوکردن و پابەندبوونییەوە دەکات کە هێشتا لەسەر نەریتی کۆنی باوباپیرانی دەژێت و وردە شەپۆلەکانی شارستانیەت و پێوەندی سێکسی بە تایبەتی، لەگەڵ خۆیدا نابیات. کچێکی بە ناوی (تۆشیکۆ) هەیە کە ماڵی خۆی جیا دەکاتەوە و دەیەوێ سەربەخۆ لەگەڵ پیاوێکدا بە ناوی (کیمۆرا) بژی و لە داهاتوودا ببنە هاوسەری یەکتر.

ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران) لە هەمان ژینگەی ڕۆژهەلاتیدا ڕووداوەکانی ڕوودەدەن، هێشتا کوردستان یەکەمین هەنگاوەکانی بەرەو شاربوون دەنێت لە سەرەتای ساڵانی شەستەکاندا، بەڵام بنەماڵەی (کامیل ئاغای سووریاران) وەک سەرۆک عەشیرەتی سووریاران، خاوەنی پێگە و جێگە و ڕێگەی عەشایەریانەی خۆیەتی، جگە لەوەی خولیای ئامێر و داهێنانی نوێی هەیە، خاوەنی زەویوزار و خانێکی گەورەیە. گێلاسی نەوبەرهاران، کە کچیکی جوانە بەهاوسەر هەڵدەبژێرێت و پێکەوە لە ماڵێکی گەورەدا دەژین. کامیل ئاغا دەیەوێت خۆی لە زۆرینەی پرس و کێشە عەشایەری و کۆمەڵایەتییەکان دوور بخاتەوە و سەر لە سەر سینەی خانمی نەوبەهاران، ژیان بگوزەرێنێت. خاوەنی کوڕ و کچێکن ناویان (شەمدین و زۆزان)ـە.

هەردوو کارەکتەری سەرەکی دوو ڕۆمانەکە، لەو کاتەدا وێنەی ڕووتی ژنەکانی خۆیان دەگرن، ساتی بێهۆشی و مەستی و نەخۆشکەوتنە، واتە ساتی بێ ئاگایی، ئەمەش واتە هەردوو کارەکتەر (ئیکۆکۆ و گێلاسی نەوبەهاران) ئەگەر بە تەواوی باهۆش و ئاسایی بن، ڕازی نابن بەو شێوەیە وێنەیان بگیرێت، لێرەوە بەر چەمکی (ڕەدکردنەوەی کامێرا) دەبینەوە، کە چەمکێکە (سۆزان سۆنتاگ) بۆ ئەو ساتانە بەکاری دەهێنێت، کە کەسی وێنەگیراو، پێی خۆش نییە، یان وێنەکەی خاڵییە لە سیمۆلۆژیای وێنە و دەنووسێت «ئەمە ئەو ساتەیە تووشی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەبن، چونکە دەترسن لەوەی کامێرا ڕەدیان بکاتەوە» (لا ١٠٢)، خودی ئەم ڕەدکردنەوەیەی کامێرا، هەمان ئەو نیگەرانییەیە کە وێنەگیراو لە ساتی چرکاندنی وێنەکەدا تووشی دەبێت، بەمەش ئەو هەست و جووڵە و سۆزە دروست ناکات کە وێنەگر دەیەوێت.